# کۆبوونەوەی جنیف لە نیوان چارەنووسی پەنابەران و ئارەزوەکانی دەسەلاتدا !

ڕێبوار عارف
fediraq@welho.com

لەو ڕۆژگارانەی کە کوشتارو مەترسی شەڕی ناوخۆو لەخوێن هەڵکێشانی شەقام و کۆلانەکانی بەغدادی پایتەخت لە پەرەسەندنێکی سەرسامهێنەردابوو، کۆمیسیاری بالای پەنابەرانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتای مانگی ڕابردو کۆنفرانسێکی نێونەتەوەی لەجنیف بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەرپاکرد ، لە پەیوەند بە چارەنووسی ملیونەها ئینسانی ئاوارەو هەڵهاتوو لە عیراق .

ئەوەی کەجێگەی سەرنج وتیاڕامانە لەو کۆنفرانسەدا ، دەستنیشانکردنی دوو مەسەلە بوون بۆ چارەسەرکردن وباشترکردنی کێشەی پەنابەرانی عیراقی وبەتایبەت ئەو دوو ملیونەی کە لە هەردوو ولاتی سووریاو ئەردەندا ژیان بەسەردەبەن . ڕێگەبدەن با لە پەراوێزی ڕونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو دوو خاڵەدا هەلوێستەیەك بکەین: 1- بڕیاردان لەسەر تەرخانکردنی 18 ملیون ئیورۆ لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بۆ باشکردنی دۆخی تەندروستی وخوێندنی پەنابەرانی عیراقی بۆئەو دوو ملیون پەنابەرە عیراقیەی کە لە سووریاو ئەردەندا ژیان بەسەر دەبەن. 2- هەروەها داواکردنی کۆمیسیاری بالای پەنابەرانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان لەجنیف لە ولاتانی ئەورووپا بۆ وەرگرتنی 20 هەزار پەنابەری عیراقی .

ئەگەر ئەوەی بەهەندوەرگرین کە سەرجەم ئەو 20 هەزار ئاوارە عیراقیەی کە یوئێن خۆی خوازیاری پێدانی ماف پەنابەریانە ، لەومافە بەهرەمەندبن، ئەوا ئەو ڕێژەیە یانی010٪ی کۆی ئەو دوو ملیۆن پەنابەرەی کە کۆمیساری بالای پەنابەرانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆخۆیان دەسەلمێنن کە ئەم ئینسانانە لەسەختترین وناڵەبارترین دۆخدا ژیان بەسەردەبەن . ئەوکاتە چەند پرسیارێك خۆی دەخاتەڕوو کە بەم شێوەیە : - ئایا ئەو پێوانەیە چی وچۆنە کە ئەو ڕێژەیە لەژێر سایەی ڕەحمی یوئێندا دەتوانن لەماف پەنابەری بەهرەمەندبن ؟ . ئایا بەپێی بڕیارنامەی جنێفی 1951 پێناسەی پەنابەر بەم شێوە ناکات: ( پەنابەر بەکەسێك دەوترێت کە بەهۆی ستەمی میللی، نژادی، ئاینی، ئەندام بوون لەگروپێکی تایبەتدا، بیروباڕوەی سیاسی لە دەرەوەی ولاتەکەی خۆی ژیان بەسەربەرێت ...) هەر بەم پێیە ئایا یوئێن دەتوانێت ادعای ئەوە بکات کە لە کۆی ئەو دوو ملیون ئینسانە 001٪ کەسی تێدایە کە شاملی ئەو پێناسەیە نەبێت ؟ ئەی کەواتە چۆنە کە تەنیا داوای ماف پەنابەری بۆ 010٪ ی ئەوکەسانە دەکات کە بەهۆی ستەم و نائەمنیەوە ناچار بە ڕووکردنە هەندەران بوون ؟

لە پەیوەند بە تەرخانکردنی 18 ملیون ئیورۆ " کۆمەك " بۆ خوێندن وباری تەندروستی پەنابەرانی عیراقی لە سووریا وئەردەن، پێش هەرشتێك با وەلامدانەوەی ئەو پرسیار بسپێرین بە"ویژدانی" دەسەلاتداران کەئاخۆ کرێ خانوو، سووتەمەنی، خواردن وخواردنەوەو

بەگشتی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی ئەم دوو ملیون ئینسانە هۆی چیبێت کەحکومەتی عیراق وا شانی خۆیان لەژێردا خاڵیکردوەتەوە ؟ هاتووهاواری تەرخانکردنی ئەو برە پارەیە لەلایەن ئەم حکومەتە دەست ودڵ بازو خزمەتگوزارە بۆ دوو ملیون هاولاتی خۆی لەبەرچاوگرتووە، بریتی یە لە بری 9 ئیۆرۆ بۆهەر پەنابەرێك . ئیتر با لەو پرسیارەش گەڕین کە ئایا ئەم 9 ئیۆرۆ بۆ مانگێکە یان ساڵێك یاچۆن بۆ یەکەم جارەبووە لەمێژووی دەسەلاتداریەتی ئەم حکومەتەدا بەهەمان شێوەش بۆ دواجار دەبێت !؟ ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە ئەم دەسەلاتە لە خۆبووردووە هێندە بە خەمی " باری تەندروستی وئایندەو شیاری خەڵکی عیراقەوە کە دانیان بە جەرگی خۆیاندا ناوەو

میزانیەیەکی ئاوا سەرسووڕهێنەریان بۆ کەسانێك لەبەرچاوگرتووە کە " ولاتیان بەجێشتووە ".

بەڕاستی جێی شەرمەزارییە بۆ حکومەتێك کە تەنانەت یەك وەزارەتیشی نەمابیتەوە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا لایەنی کەم چەند سەد ملیون دۆلاری بیٚ سەروشوێن نەکردبێت . ئێستە پاش ناچارکردنی دووملیون هاولاتی بەژیانی ئاوارەی وملدان بەو دۆخە تراژیدیە، بڕیاری تەخانکردنی18 ملیۆن ئێورۆ دەدات بۆیان . ئەمە لە کاتێکدایە کە تەنیا ساغکردنەوەی ئەو یەك ملیارد دۆلارەی کە وەزیری دیفاعی پێشوە ئاودیویکرد بەسبوو بۆ ئەوەی کە بۆ ماوەیەك بەشێکی بەرچاو لە کێشەی ئەو دوو ملیون ئینسانە چارەسەربکات. بەلام پرسیارەکە ئەوەیە دەسەلاتێك کە تاسەر مۆخ وئیسقان گەندلْ ومشەخۆربێت و تەنانەت یەك وەزیرو وەزارەت وسەرکردەو حزب ولایەنی تێدا نەمابێتەوە کە پێی لە زەلکاوی ئەم گەندەڵی وئاودیوکردنەدا گیرنەکردبێت ، ئیتر عەجەبا کیٚ دەوێرێت گۆشەیەك لە فایلی فەرهودکردن و تالانکردنی سەروەت وسامانی ئەم ولاتە هەڵبداتەوە. سەرنج بدەنە دواین لێدوانی ژەنرالْ ستیوارت برین پشکێنەری گشتی ئەمریکا بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوەی عیراق کە لەم ڕۆژانەدا دەڵێت بەرپرسیاریەتی ئەمریکا بۆ ئاوادانکردنەوەی عیراق کۆتای هاتووەو کاتی ئەوە هاتووە عیراقیەکان خۆیان لیستی خەرجیەکانی خۆیان بدەن . هاوکات ژەنرالْ ستیوارت لەم لێدوانەدا ئاماژە بەوە دەکات کە 12 ملیارد دۆلار بۆ پرۆژەی ئاولادانکردنەوە کە ساڵی پار دیاریکراوە بۆ 8 پرۆژە... ئیستە یەك پرۆژەیان معلومە ... لەمەش سەیرو سەمەرەتر ئەوەیە کە لە درێژەی قسەکانیدا ڕوونی دەکاتەو دەڵێت :

زیاتر لە ملیاردێك دۆلار لە کارگەی پالاوتنی بێجی بۆ چەکدارەکان چووە ) . واتە بەشیك لە بووجەی تیرۆریستان لەسەر شانی ئەو حکومەتەیە کە بۆ دوو ملیون خەلکی وولاتەکەی خۆی 18 ملیون ئێورۆ دیاری دەکات "! ؟ .

هەقیقەت ئەوەیە کە هەر لە بانگەوازەکەی یوئینەوە بۆ وەرگرتنی 20 هەزار پەنابەر تا دابینکردنی 18 ملیون ئێورۆکەی حکومەتی عیراق دوو دیوی سکەیەکن بۆ فریودانی خەلك و ڕازیکردنی گۆشەیەك لەو دەنگی ناڕەزایەتیە گەورەیە کەڕۆژانە دژیان بەرزدەبێتەوە.

بەداخەوە ئەمڕۆ بەهۆی سیناریۆیەکی ڕەش کەلەعیراقدا بەرپاکراوە، ملیونەها ئینسان لەم کۆمەلگایەدا بەهۆی ئەم شەڕو کوشتارو تیرۆرو ئیرهابەوە ئاوەربوون و بوونەتە کارتێکی سیاسی ومامەڵەپێکردن وسات وسەودا لەنیوان سێکوچکەی یوئێن وحکومەتی عیراق وحکومەتەکانی تری ناوچەکە . تەنیا ڕیگەیەك کە دەمینێتەوە ئەوەیە کە بەرەی ئازادیخوازو ئینسان دۆست لەکاتیکدا کە دەستی هاوکاری وپشتگیریکردن بۆ پەنابەرانی عیراقی درێژ دەکات ، هاوکات درێخی نەکەن لە پەردەهەڵماڵین لە ڕووی هەموو ئەو لایەنانەدا کە بەرپرسی کوشتارو ئاوارەبوونی ملیونەها ئینسانن لەم کۆمەڵگایەدا ، بە تایبەت هەردوو بەرەی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی وحکومەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی !

ئایاری 2007